کوردستان نێت
KURDISTAN NET

# 30ی تەمموز و 31ی ئاب

حەمەسەعید حەسەن

«حیزبی شیوعی عێراق لەبری ئەوەی دۆستی بارزانی بێت، کە پیاوی ئێرانی سەر بە سەنتۆیە، دەبوو وەک ئێمە دۆستی حیزبی بەعس بێت، کە سۆشیالیستە و ئیعترافیشی بە ئەڵمانیای ڕۆژهەڵات کردووە.» ئەمە یەکێک بوو لەو ڕەخنانەی لە کۆتایی ساڵانی شەستدا، نەوشیروان مستەفا لە گۆڤاری «ڕزگاری»دا، ئاراستەی «حشع»ی کردبوو. کەواتە ناپاکییش شتێکی ڕێژەییە، دەشێت ئەوی من بە ناپاکیی تێدەگەم، کەسێکی دیکە بە نیشتمانپەروەریی لە قەڵەم بدات.

چونکە «پدک» و «ینک» دوو باڵی یەک بزووتنەوەی نەتەوایەتین، «زۆرن ئەوانەی ئەو دوو لایەنە بە نەتەوەیی نازانن، بەڵام من یەکێک نیم لەوانە،» ناپاکیی لەم حاڵەتەدا، هاوکاریکردنە لەگەڵ دوژمنی داگیرکاردا. دوژمنی داگیرکار هەر ڕژێمی عێراق نییە، ڕژێمەکانی سوریا، تورکیا و ئێرانیشن.

ناپاکیی مەزنی نەتەوایەتی لە باشووری کوردستان لە ٣١ی ئابی ١٩٩٦وە دەست پێ ناکات، بەڵکوو لای کەم لە ناوەڕاستی ساڵانی شەستەوە، بووە بە بەشێکی گرنگ لە کولتووری بزووتنەوەی نەتەوایەتی. من لە نیوەی دووەمی ساڵانی شەستدا، بە چاوی خۆم سەرانی «یەکێتی»م دیوە، بە سواری تانکی ڕژێمی عێراق بەرەو کاولکردنی گوندەکانی شاربازێڕ بەڕێ کەوتوون. نامەی وەزیری جەنگی عێراقم دیوە کە لە ناخی دڵییەوە سوپاسی گەرمی ئەو باڵەی بزووتنەوەی کوردایەتیی دەکات، کە هاوسەنگەری عێراق بوون و زەبری کوشندەیان لە باڵی بارزانی وەشاندبوو.

ئەوی لە ٣١ی ئابی ١٩٩٦دا ڕووی دا، هەر درێژەپێدانی ئەو ستراتیژە دێرینە بوو، شتێکی نوێ نەبوو، مەگەر تەنیا لای جەلال تاڵەبانی کوتوپڕی بووبێت، ئاخر ئەو هەرگیز لەو جۆرە لووتانەی نەبووە، کە بۆنی مەترسیی پێش ڕوودانی دەکەن. نەوشیروان مستەفا لە ١٩٦٩/١٢/٣١دا دەنووسێت: «بزووتنەوە بە کرێگیراوەکەی مەلا مستەفا تا دێت لە چارەنووسی ڕەش و تاریکی نزیک دەبێتەوە.»(١) کەچی سێ مانگ بەسەر ئەو «پێشبینی»یەدا ڕانەبورد، بارزانی ئەوانی کرد بە پەندی زەمانە. وەک چۆن کەشناس «مێترۆلۆگ» دەزانێت سبەینێ باران دەبارێت یان بەفر، هەتاو دەبێت یان هەور، دەبێت سەرکردەش پێشبینی ڕووداوەکان بکات، نەک پرخەی دراوسێش هەراسان بکات.

مێژوو لە بیری نەچووەتەوە کە لە سەردەمی بارزانیی باوکیشدا، سەرانی بزووتنەوەی نەتەوەیی کوردی، «دیوی ئێران» لە کوردستانی «دیوی عێراق» تیرۆر دەکران و تەرمیان دەدرایەوە دەست ڕژێمی شا، تا بە شاراندا بیانگێڕێت و لووتی خەڵکی کوردیان پێ بشکێنێت. ئەم ڕۆڵە ئێستا «پدک» نایگێڕێت، چونکە «ینک» و «پکک» لەم بوارەدا پشتی ئەویان لە عەرد داوە.

هەر لێرەدا پێم باشە ئەوەش بڵێمەوە، کاتی خۆی بۆیە لە «حشع» کشامەوە، چونکە هاوپەیمانی ڕژێمی داگیرکاری بەغدا بوو. ئەوسا و ئێستاش پێم وایە حیزبی کرێکاران نەک هەر دەبێت لە کێشەی نێوان گەلانی سەردەست و بندەستدا، لایەنی گەلانی ژێردەست بگرێت، بەڵکوو دەبێت هەوڵ بدات جڵەوی ئەسپی بزووتنەوەی ڕزگاریی نیشتمانیشی بە دەستەوە بێت، بەڵام زۆرن ئەوانەی کاتێک «حشع» هاوپەیمانی یان ڕاستتر کلکی بەعس بوو، بە دڵ و بە گیان لە گەڵی بوون، کەچی کە لەو هەڵوێستەی کە

ناپاکیی چینایەتی بوو، پاشگەز بووەوە و دروشمی مافی بڕیاردانی چارەنووسی بۆ گەلی کوردستانی بڵند کردەوە، لێی کشانەوە. ئەو عێراقچییە توندڕۆیانەی جاران، ئێستا کوردستانچی توندڕۆن. توندڕۆیان ڕاست بن یان چەپ، پۆشاکی کۆمۆنیستانە بپۆشن، یان هی نەتەوەییانە، هەر ئاو بە هەمان ئاشدا دەکەن، ئاشی داگیرکارانی کوردستان.

گەر چی لەسەر وەختی ڕوودانی ناپاکییەکاندا، چ **٣٠ی تەمووزی ١٩٩٦ کە چەکدارانی ‹ینک›، لە ‹باشماخ›ەوە تا ‹کۆیە› پێش پاسداران کە بۆ لێدانی حیزبی دیموکرات هاتبوو، کەوتن**، چ ئەو کاتانەشی ‹پدک› پێش لەشکری عێراق و دواتر هی تورکیاش کەوت و سەبارەت بەو قەسابخانانەش یەکێتی بۆ کوردی ڕۆژهەڵاتی ساز کردوون، بە ساتیر و بە شێوەی دیکەش هەڵوێستم نواندووە، بەڵام لەمێژە پێم وایە کاتی ڕەخنەگرتن لەو دوو لایەنە ‹بەش بە حاڵی خۆم› بەسەر چووە، چونکە ڕاستییەکەی بە درێژایی ژیانم ڕۆژێک ئومێدم بەو دوو لایەنە نەبووە تا لەم دواییەدا لێیان نائومێد بوویێتم. ‹پدک› لای من هەرگیز شەراب نەبووە، تا لە ٣١ی ئابی ١٩٩٦دا بوویێت بە سرکە، لای من ئەویش وەک یەکێتی هەر لە سەرەتاوە سرکە بووە.(٢) من خەو بە باشووڕێکی بێ بەعسی، ئیسلامی، یەکێتی، پارتی و ‹پکک›ەوە دەبینم.

وەک چۆن ٣١ی ئابی ١٩٩٦ سەرەتای پێش لەشکری عێراق کەوتن نەبوو، هەروەاش ١٤ی ئایاری ١٩٩٧ سەرەتای پێش سوپای تورکیا کەوتن نەبوو، چونکە لە پاییزی ١٩٩٢یشدا ‹ینک› و ‹پدک› بۆ لێدانی ‹پکک،› پێش جەندرمەی تورک کەوتن. پاییزی ١٩٩٢ لە ‹پاشای عەرشی کەلاوە›دا، باسی ئەو ناپاکییەشم کرد، گەر چی ئەو سا ڕەخنەگرتن لە حوکوومەتە ساواکەی هەرێم، لە خانەی کوفردا بوو.

کە یەکێتی تا ئێستا بە تەنیا پێش سوپای تورک نەکەوتووە، لە کوردستانیبوونییەوە نییە، بەڵکوو جوگرافیا یاریدەی نادات، ئەگەرنا لە پارتی خراپتری بە ‹پکک› دەکرد و بە هەرزانتریش. نامەی جەلال تاڵەبانیم بە خەتی خۆی دیوە کە داوا لە تورکیا دەکات، متمانەی پێ بکەن و بۆ قەلاچۆکردنی ‹پکک› سوود لە توانای وەربگرن. ‹پکک›یش وەنەبێت پەرێزی هێندە خاوێن بێت، بەڵکوو لە بواری دەست لەگەڵ داگیرکەران تێکەڵکردندا، ‹سوریا، ئێران و عێراق› بە چەقالەیەک پێشی پارتی و یەکێتییە قەزوانخۆرەکانی داوەتەوە. **بزووتنەوەی چەکداری لە کوردستان، بە چاوپۆشین لە سەرچاوەکەی، یان دەڕژێتە سەر گۆمی ناپاکی، یان وشک دەکات، یان هەردووکیان.**

‹هەر نووسینێک دژی دەسەڵات نەبێت، بێ مانایە، تێناگەم چۆن هەندێک کەس خۆیان بە نووسەر و شاعیر دەزانن و بە باڵای دەسەڵاتدارانیشدا هەڵدەڵێن.›(٣) ئەوی ستایشی جەللادان بکات و لایەنی ناپاکان بگرێت، ئەوە جنێو بە قوربانییەکان دەدات، ئەو کەسە با بە خەیاڵی خۆی لاشی وابێت، سواری ئەسپی نوێترین شەپۆلی ئەدەبیی بووە، بەڵام هەر کۆنەپارێزە. ئەوە شتێکی چاوەڕوانکراوە کە سەددام حوسێن لە شیوەنی ‹بکوژی› لۆرکادا بنووسێت: ‹فرانکۆ یەکێک بوو لە شاسوارەکانی ئەم سەردەمە.›(٤) بەڵام ئەوە نائاساییە شاعیرێک ستایشی ئەو لایەنە ناپاکە بکات، کە دەستی بە خوێنی ئەبوبەکر عەلیی شاعیر سوورە.

1998. 07. 03

(١) لە شیری هەتا پیری، سەعد عەبدوڵلا ل٦٨ چ. ڕۆشنبیری ١٩٩٨ هەولێر.

(٢) سوودم لە قسەیەکی هێرمان هێسە وەرگرتووە.

(٣) و (٤) الروح الحیە ـ جیل الستینات فی العراق، فاضل العزاوی ص٢٢٠ و ص٢٤٨ دار المدی ١٩٩٧ دمشق.